www.kurdistannet.org
15:14 3-11-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لە کێشەی سەربازە دیلە تورکەکاندا ... ڕزگار گوڵەباخ

ماوەیەکی دور و درێژە سەرانی سەربازی دەوڵەتی تورک سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستانی ئێراق، بە بیانووی بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکاران. وەک یەکەم هەنگاو ویستیان خۆیان تاقی بکەنەوە و سەرکەوتنێک بکەنە دیاری بۆ سەرانی سیاسی دەوڵەتی تورک، بە ئەنجامدانی هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر گەریلاکان لەناو خاکی دەوڵەتی تورکدا، ئاکام سەرباری لێکوژرانی چەند سەرباز و ئەفسەرێکیان، 8 دیلیشیاندا. ئەو شکستە سەربازییە وای کرد، کە ببێتە زەنگێک بۆ شکستی سیاسی پیلانەکەیان، بۆیە لەو کاتەوە سەرانی دەوڵەتی تورک لە هەوڵی ئازادکردنیی ئەو دیلانەیاندان بە هەر ڕێگایەک بێت، بێگومان بە پشت بەستنی بە سەرکردەی سیاسی کوردی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی بۆ من جێی سەرنجە ئەوەیە کە سەرکردایەتی کوردی ئێراق زۆر خۆیان سەرقاڵی ئازاد کردنی ئەو سەربازە تورکە دیلانە کردووە، وەلە هەوڵی لەبن نەهاتوودان، تاوەکو وەک دیاریەک، نیازپاکییەک و دۆستایەتییەک بیبەخشنە دەست سەرانی تورکی هەڕەشە کەر و ئابڵوقە سەپێنەر بۆ و بە سەر هەرێمی کوردستاندا. سەرکردایەتی کورد نە دەبوایە لەوەیاندا بە دەنگ سەرانی تورکەوە بچونایە، تاوەکو ئەو دیلانە وەک کارتێک و وەک شکستێک بمانایەتەوە، تاوەکو پێیان بووتنایە، کە گەریلاکان تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا نین بەڵکە لە هەموو شاخ و چیایەکی ناو دەوڵەتی تورکیشدا هەن، ئەگینا خۆ ئەو دیلانە لە هەرێمی کوردستاندا نەکەوتوونەتە دەست گەریلاکان.

بۆیە هیوادارم کە سەرکردایەتی پارتی کرێکاران بە هیچ بەڵێنێکی سەرکردایەتی کوردی ئێراق نەخەڵەتێن و نەچنە ژێر ئەو بارەوە کە ئەو دیلانە ئازاد بکەن، تاوەکو بۆ بواری ڕاگەیاندن و وەک ئاماژەیەک بۆ شکستی سەربازی بەکاری بهێنن، چونکە ئازاد کردنی ئەو دیلانە هیچ مانایەکی نییە، وە کەی سەرانی تورک ئە و دیلانەیان دەستکەوتەوە، دەکەونەوە هێرش کردن.

هاوکات هیوادارم کەسەرکردایەتی پارتی کرێکاران هێند ئاگادار بن و متمانە بەهیچ وەفدێک نەکەن کە بەنیازی چاوپێکەوتن یان دانوستان دەچنە لایان، وە هەوڵبدەن کە لەگەڵ هاتنی هەر وەفدێکی کوردی بە نوێنەرایەتی هەر کەسێک بێت و بۆ هەر مەبەستێک بێت، کە ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی پارتی کرێکاران نەیان بینن، بەڵکە پێش وەخت کەسانی تر بیان بینن، تاوەکو ئەگەری گرتنیان نەبێت و بە کۆپتەرێکی ئەمریکی یان هەر کۆپتەرێکی تر بێت بەرەو دەوڵەتی تورک بیانفڕێنن، چونکە لەدنیای سیاسەتدا نابێت متمانە بەهیچ سەرکردەیەک بکرێت، وە نابێت کەسەرکردایەتی پارتی کرێکاران ئەوەیان لەبیر بچێت، کە داوای سەرانی تورک لە سەرکردایەتی کوردی ئێراق ئەوەیە، کە ئەو سەرکرانەیان وەک دیاری تەسلیم بکەن. هاوکات دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێن کە ئەمریکا بە ڕاکێتی دوورهاوێژ تەواوی بنکەکانیان ڕاکێت باران بکات، وەک چۆن لە بنکەی ئیسلامییەکانیان لە ئەحمەدئاوا دا.

هیچ سەرکردەیەکی کوردی ئێراق تا ئێستا بەفەرمی و لەهیچ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوای ئازادکردنی هەزاران کوردی بێتاوانی کوردستانی باکوریان نەکردووە کە لەزیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا دەنالێنن، کەچی ئومێد دەخوازن و لەهەوڵی ئازادکردنی سەربازە تورکە دیلەکاندان، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی پارتی کرێکاران گوێ لە بیانوەکانی سەرکردایەتی کوردی ئێراق نەگرێت، چونکە ئازادکردنی ئەو دیلانە هیچ هیچ سوودێکی نە بۆ پارتی کرێکاران و نە بۆ وەستاندنی لەشکرکێشیەکەیە هەیە، بەڵکە لەدەستدانی کارتێک دەبێت لەدەست پارتی کرێکاران.

2007 .10 .30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.